## هونەرمەند ی دەرهێنەر (ئەرسەلان دەروێش )

# شانۆ لەلای من ناسنامەیە!



*• دەرهێنەری ناسراو (ئەرسەلان دەروێش ) یەکێکە لەدیارترین هونەرمەندەکانی کوردستان لە بواری شانۆ و درامای کوردیدا،ئەو وێڕای ئەزموونی زیادلە(٣٠) ساڵ وپێشکەشکردنی زیاترلە (٥٠) بەرهەمی هونەریی لەناوەوەودەرەوەی وڵات،چەندین پۆستی هونەریی و ئیداریی بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبردووە،وەك (سەرپەرشتیاری هونەریی لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی،مامۆستای بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرجوانەکانی هەولێر،بەڕێوەبەری رادیۆی گوڵان لەسلێمانی، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرێتی دراماوبەرهەمهێنانی هونەریی و بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ لە هەولێر، هەروەها لەدامەزرێنەرەکانی سەتەلایتی کوردستان tv بووە و تادست لەکارکێشانەوەی لەساڵی ٢٠٠٠دا ( سێ بەشی سەرەکی ) یەك لەدوای یەکی لەو کەناڵە بەڕێوەبردووە،ئێستاش وەك شارەزای بواری هونەریی شانۆ لە وەزارەتی رۆشنبیریی ولاواندا کاردەکات ) سەرنووسەری گۆڤاری و ماڵپەڕی شانۆ و زنجیرە کتێبی شانۆ یە کە بەزمانی کوردی وعەرەبی لەلایەن( تیپی شانۆی سالار) ەوە لەشاری سلێمانی دەردەچێت، ئەندامی کارای هەردووسەندیکای رۆژنامەنووسان وهونەرمەندانی کوردستانەو سکرتێری تیپی شانۆی سالارە و دەرهێنەری سەرەکییەتی، گۆڤاری (گوڵان) لەمیانەی چەند پرسیارێکی پەیوەست بە بینراوە شانۆییەکەی ئەمڕۆی کوردستان و کارو بەرهەمە تازەکانی خۆی وتیپە بەخششدارەکەی،ئەم دیدارە کورتەی لەگەڵ سازدا،*

• سەرەتا بەرێزتان(چۆن دەڕواننە رەوشی ئەمڕۆی شانۆی کوردی، ئەوهۆکارانە چین کە بەردەوام ئەم رەوشەی سست ولاوازکردوە ؟

• ئەرسەلان دەروێش : هەمیشە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا باس لەو هاوکێشە گەوهەرییە دەکەم کە کارابوونی بزاڤی شانۆیی هەر کۆمەڵگایەکی پێ ساغڵەم دەبێت، جەمسەرەکانی ئەم هاوکێشەیەش بریتین لە (شانۆکار) و ( حکومەت)، ئەرکی شانۆکارانە خوێندنەوەیەکی قوڵ ودروستیان هەبێت سەبارەت بە واقیعی کۆمەڵگاکەیان وئەوپرسانەی بایەخدارن لە ژیانی هاوڵاتییەکانیاندا،کارەکانیان لە دیدێکی داهێنەرانەو بەئاستێکی جوانکاریی بەرز، رووناکی بخاتە سەر ئەو پرسانەوپرسیارە گرنگەکان بورووژێنێت، بۆ ئەوەی هونەرەکەیان زادەی ژیانی کۆمەڵگاکەیان بێت و ئەوانیش کوڕی رۆژگارەکەی خۆیان بن و سەر لەخۆیان وجەماوەرەکەیان نەشێوێنن . لەلایەکی دیکەیشەوە ئەرکی حکومەتە ژێرخان وپشتیوانی ئەوتۆ بەشێوەیەکی دیراسەتکراو و شیاوو لەمیانەی نەخشەو پلانی تۆکمەوە بۆ ئەم بوارە دابین بکات و، زەمینە و پانتاییەکی بەرفراوان لە ئازادی کارکردن وئازادی رادەربڕین فراهەم بکات .رەنگە هەنگاوە پێویستەکانی ئەم ئەرکە لەم کارانە پوخت بێتەوە ( دروستکردنی هۆڵ ودابینکردنی تەقنییەتی پێشکەوتوو، دابینکردنی بودجەی ساڵانە بۆ تیپ و دەزگا شانۆییەکان وچاودێریکردنی بەخششەکانی ئەم ناوەندە و نرخاندنی لەرووی داهێنانەوە و سازدانی فیستڤاڵی ساڵانە و پشتیوانیکردن لە چاپ وبڵاوکردنەوە لەم بوارەدا، ناردنی شانۆکاران

و بەرهەمەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات و میوانداریکردنی گروپ و توانا هونەرییە بیانییەکان، لەپێناوی زیاترکردنی شارەزایی و بەرکەوتن لەگەڵ کلتووری شانۆیی گەلاندا،دانانی هەیکەلێکی هونەریی بۆ جیاکردنەوەی ئەزموونە جیاجیاکان و تایبەتمەندێتییە دیارەکانی ناوەندەکە، وەك ئەوەی گروپی گەنجان لەگەڵ تیپە شانۆییە دێرینەکان جیابکرێتەوە و هەریەکەو لە چوارچێوەی خۆیدا برەوی پێبدرێت و دەزگای شانۆی نەتەوەیی کوردی دابمەزرێت و وەرزو فیستیڤاڵەکان ئامانجەکانیان دیاری بکرێت وخەڵاتی ساڵانە لەمیانەی بەخششەکانی شانۆکاران لە رێگای دامەزراوەیەکی سەربەخۆو پسپۆرەوە ببەخشرێت،بایەخ بەشانۆی زارۆکان بدرێت و ژنە شانۆکارەکان زیاتر هاندبدرێن، کاروچالاکییەکانی ئەم نێوەندە ئەرشیف بکرێت و ئەوەی پێشتریش ساغبکرێتەوە و کۆبکرێتەوەو بپارێزرێت)،بەڵام مخابن ئەوەی دەیبینین لەسەر ئاستی هەردوو رکێف وجەمسەرەکە کەمتەرخەمی وبێ پلانی وپەشێویی پێوە دیارە، بۆیە تاکو لەهەردوولاوە هەنگاوی پێویست نەنرێت ئەم رەشە هەروادەمێنێتەوەو رەنگە خراپتریش بێت .

• کەواتا بە بۆچوونی ئێوە هەردوو جەمسەری ئەو هاوکێشەیە وەك یەك بەرپرسیارێتییان بەردەکەوێت ؟

ئەرسەلان دەروێش : بێگومان نەخێر ! حکومەت پشکی گەورەو گرنکی ئەو بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆدایە، بەڵام من دەمەوێت ئەو راستیەش رۆشنبکەمەوە کە شانۆکارانیش رۆڵێکی گەورەیان هەیە لەم پاشەکشێیەی کە بۆتە رواڵەتی شانۆکەیان، کەدەشڵێم حکومەت پشکی گەورەی کارا نەبوونی رۆڵی شانۆی لە ژیانی خەڵك و کۆمەڵگەکەدا لەئەستۆدایە، لەبەر ئەوەی (هونەری شانۆ ) پەیوەست و هاوتەریبە لەگەڵ رەوشی ژیارییدا، هەر لەسەردەمی گریکەوە تاکو رێناسانس و تابەئەمرۆش دەگات،پێشکەوتن وگەشەکردنی ئەم هونەرەو بایەخ وەرگرتنی لەژیانی مرڤدا،جمکی پێشکەوتنی رەوشی ئازادی وپێشکەوتنی ئابووری ورامیاری وکۆمەڵایەتی بووە، هیچ کاتێك شانۆیەکی درەوشاوەمان لەوڵاتێکی دواکەوتوودا بەدی نەکردووە، کەواتا شانۆ بەرجەستەی شارو شارستانییە، ئێمەش کە شانازی بە ئەزموونی کوردستانەوە دەکەین و هەمووئەو پێشکەوتنانە رەچاوەگرین کە رۆژانە لەبونیادنان وئاوەدانکردنەوەوی وڵاتەکمان لەئارادایە، جێکای رامان و سەرنجمانە کە کایەکەی ئێمەی شانۆکاران هێندە بێناز و فەرامۆشکراوە، جا بۆئەوەی وردتریم مەبەستم ئەوە نییە کەحکومەت بودجەو ئیمکانیەتی بۆ تەرخاننەکردووە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە چاوی لەئاست ئەو بێسەروبەری و بێپلانی و نەشارەزاییە پۆشیوە کە کاروباری ئەم ناوەندەی پێ بەرێدەکرێت، بۆچی ؟

ئاخر بۆ دەبێت یەکێك لەبوارە هەرە ژیاریی وپڕسەروەرییەکانی گەلەکەمان کە مێژوویەکی جوان وپرشنگدارو دەیان ناوی گەورەو کاری گەورەی پێشکەش بە بزاڤی ئازادیخوازو هونەری نەتەوەکەمان کردووە و لەکاتی جینۆساید و هەوڵی دووژمن بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی مرۆڤی کورد، ئەو لەمەیدان بووەو لەخەبات و رکابەرێتیدا بووە، بۆ دەبێت ئەم کایە گرنگە، ئەم رووە شارستانییە پڕبایەخە،ئاوا بێسەرو بەر بمێنێتەوە و هەر دڵسۆزێکیش بەقسە یان بەکردەوە هەنگاو بۆ برەوپێدان وداکۆکی لێ کردنی بنێت هەوڵەکانی ئابڵوقە بدرێت و وەلاوەبنرێت؟!

• دوای ئەوەی لەمانگی شوباتی رابردوودا،بۆیەکەمین جار شانۆی کوردیتان گەیاندە شانۆیەکی نیشتمانی رۆژئاوایی و لە(نۆ ) شاری وڵاتی سوێد بەمیوانداریی (شانۆی نیشتمانی سوێد_ ریکستیاتر) و مۆنۆدرامای (پاسەوان) تان پێشکەشکرد، کەبووە رووداوێکی هونەریی گەورە و دەیان نووسین وهەواڵ و رێپۆرتاژی رۆژنامەنووسی لەو وڵاتە لەسەر بڵاوکرایەوە،ئێستا سەرقاڵی چین وچ بەرهەمێکی نوێتان بەدەستەوەیە ؟

ئەرسەلان دەروێش : لە بواری شانۆدا، دوای تەواوکردنی قوناغی نووسینی سیناریۆی ئەدەبی، ئێستا چاوەڕوانی دابین کردنی بودجە دەکەین بۆ پێشکەشکردنی شانۆیی شیعرئامێزی (بێکەس)، کە لەمیانەی ژیانی ئەم شاعیرە ناودارەوە و بەستایلی شانۆی موزیکی، بەشێك لە سەرەوەرییەکانی شاری سلێمانی تیابەرجەستەدەکرێت، ئومێد دەکەم بەرهەمێکی دانسقە و سەرکەوتوویێت، بەتایبەتی کە لەلایەن مامۆستای هونەرمەند (ئەحمەد سالار)ەوە نووسراوە و موزیسیانی بەتوانا (غەمگین فەرەج) ئاوازەکانی بۆ دادەنێت وستافێکی یەکجار گەورە لەهونەرمەندانی شاری سلێمانی بەشداری تیادەکەن بەتایبەتی لەتیپی شانۆی سالار، رەنگەبۆ یەکەمین جاربێت بەو ئاستە و بەو دەستەجەمعییە هونەرمەندانی شانۆوسەماو موزیك و توخمەهونەرییەکانی تر پێکەوە لەکارێکی شانۆیی کوردیدا بەشداریی بکەن کەژمارەیان رێك (130) بەشداردەبێت .

لەبواری درامای تەلەفزیۆنیشدا بەردەوامم لەگەڵ نووسەرو هونەرمەندی هەڵکەوتوو (دڵشاد مستەفا) لە نووسینی سیناریۆ بۆ ئەودراما تەلەفزیۆنییەی کە هەر سەبارەت بە سەروەرییەکانی شاری سلێمانییە و کۆمەڵە خەسڵەت و ئاکارو هەڵوێستێکی خەڵکی ئەم شارە لەمیانی داستانێکی ئەویندارییەوە پیشان دەدات و ئێستا کاك (دڵشاد) بەشی یەکەمی لە سیناریۆ ئەدەبییەکە تەواو کردووە و لەپێداچوونەوەداین، هەروەها پێکەوە سەرقاڵی فیلمێکی بەڵگەنامەیین سەبارەت بە رۆڵی پرشنگداری ئەو شانۆکارانەی لە نەبوونی خانمەئەکتەردا رۆڵی ئافرەتیان لەشانۆو درامای کوردیدا گێڕاوە، بیرۆکەو دەرهێنانی ئەم فیلمە لەلایەن منەوەیە و کاك (دڵشاد) تێکستەکەی دەنووسێت، بڕیارە بەهاوکاریی (بەڕێوەبەرێتی راگەیاندی سلێمانی )ئەنجام بدرێت.

هەر لەم هەفتەیەشدا ژمارە (19)ی گۆڤاری شانۆ و دووکتێبی شانۆیی نوێ بەزمانی کوردی وعەرەبی دەخینەبەردەستی شانۆکاران و قوتابیانی هونەر، وێڕای کتێبێکی مەنهەجی نوێ لەبواری نواندندا کە بەناونیشانی (وانەکانی هونەری نواندن )ە، لەلایەن مامۆستا (ئەحمەد سالار)ەوە دانراوە .

لەمیانەی وەرزی رەشەبای سلێمانیشدا بۆشانۆی گەنجان،تیپەکەمان لەناوەندی مانگی داهاتوودا شانۆیی (شەوی بکوژان) لەنووسنی (خۆزییە تریبیانە) ووەرگێرای ئەدیبی ناسراو کاك (ئازاد عەبدولواحید) ودەرهێنانی هونەرمەندی لاو (پێشەوا عومەر) پێشکەش دەکات.

• یەکێك لە پێشنیازە جوانەکانتان کە ئەمساڵ لە ئاهەنگی رۆژی جیهانیی شانۆدا لەشاری سلێمانی پیادەکرا، زیندووکردنەوەی (خەڵاتی بابان )بوو،ئەم خەڵاتە وێڕای گرنگی وبایەخی لە رووی مێژوییەوە مایەی وەفاداریبوو بۆ مامۆستا



*** هونەرمەندی سەرکەوتوو کێیە؟**

- یـــەك خاڵـــی زۆر گرنـــگ هەیـــە بـــۆ دەستنیشـــانکردنی هونەرمەندی ســـەرکەوتوو، ئەویش راســـتگۆییە لەوکاتەی دەیەوێ داهێنان بکات، کۆشش کردنە لەپێناو خۆ ئامادەکردن بۆ هەنگاونان بەرەو سەرکەوتوویی لەپێناوی بنیادنان. هونەرمەند کاتێك بیەوێ پێکهاتەیەکی خامەی یان لە دیمەنێکی ســـینەمایی یان تەلەفزیۆنیدا سەرکەوتوو بێ، دەبێ راستگۆ بێ لەگەڵ خۆی لەگەڵ کارەکتەرەکەی یان ئەو دیمەنەی یان ئەو رووداوەی سیناریۆکە بۆی نووسراوەتەوە. سەبارەت بە سیناریۆی سەرکەوتوو، ئەکتەری سەرکەوتوو دروست دەکات هونەرمەندێك کە بیەوێ بەردەوام لەکارە هونەرییە کوردییەکان کاربکات، هەمیشە بەردەوام سیناریۆی باش دەخوێنێتەوەو گرێبەست لەگەڵ ئـــەو لایەنە بەرهەمهێنـــەرە دەکات کە ســـیناریۆی چاکـــی داوەتێ، چونکـــە چەندە سیناریۆکە جوان بێت و کارەکتەرەکانی سەرەکیی بن و جوانی دارشتبێ، ئەکتەریش بەرامبەر ئەم کارەکتەرە دەتوانێ هەموو لایەنەکانی کارەکتەرەکە بدۆزێتەوە، هەموو رەهەندەکانی کارەکتەرەکە چ لـــەرووی کۆمەڵایەتی و جەســـتەی و فیکری هەبێـــت بیدۆزێتـــەوە، دەتوانێت ئـــەو کارەکتەرە بەرجەســـتە بکات، ئەو کارە پێشـــکەش بەبینەر بکات لەسەر تەختەی شـــانۆ بۆ بینەری شانۆ لە دراما و فیلمی تەلەفزیۆنـــی بۆ بینەری تەلەفزیۆن.

*** رۆڵەکانت زیاتر جددییەتیان پێوە دیارە، دەتوانی رۆڵی کۆمیدیش بەهەمان ئاست بنوێنی؟**

- ئەوەی ئێستا لەکوردستان بەتایبەتی لەسلێمانی بەناو شـــانۆی کۆمیدییەوە پێشـــکەش دەکرێ، شانۆی کۆمیدی نین. شانۆیەکن بۆ بازرگانی کردن، جا ئەگەر مەبەستت کۆمیدییە ئەو جۆرە کارەکتەرانە بن یان ئەو شـــێوە نواندنەبێ، نەخێر ناتوانـــم ئەوە بکەم، بەڵام نواندنی کۆمیدی بێت وەك شـــانۆی کۆمیدی کە باوە لە سەرتاسەری دنیا بەتایبەتی لەسەردەمی گریکەکان تا دەگاتە ئەمـــرۆ، دەتوانم بڵێم بەڵێ، دەتوانم بەشـــداری بکەم لـــە کارەکتەرێکی کۆمیـــدی ئەگەر وەك کارەکتەرێکی تراژیدی ســـەرکەوتوو نەبم، بەڵام خراپ نابـــم، چونکە نواندنـــی کۆمیدی ئەوە نییە کە بەردەوام خەڵك بێنیتە پێکەنین، چونکە کۆمیدیا لەناو خۆیـــا دنیایەك خەم و تراژیدیاو مەرگەســـاتی هەڵگرتووە، لەبەر ئـــەوە کاری کۆمیـــدی کارێکـــی زۆر قورســـترە لە کاری تراژیدی.

***بۆچی نەبوویت بە دەرهێنەر؟**

- لەکۆتایی شەستەکان ئارەزووی زیاتری نواندنم هەبوو، لەگـــەڵ ئەوەش سەرگوزشـــتەی زۆرم هەیە. وەك بنەماڵە کەمدەرامەت بووم نەمتوانیوە رۆژانی هەینی ئەو پارەیەم دەســـکەوێ بچم بۆ سینەما سەیری فیلم کەم، تا ئەم ساتەش ئارەزووم نەبـــووە بـــۆ کاری دەرهێنان کارێکی قورســـە. کارێکـــە ئەبێ نەك هەر خـــۆت تەرخانکەی بۆ لایەك لەلایەنەکانی بەرهەمهێنان کە دەرهێنانە، ناتوانـــم ئەو لایەنانە هەمووی بگرم کە پێوەندی بە دەرهێنانەوە هەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە توانای یـــەك لایەنم هەیـــە کۆنترۆڵی بکـــەم. ئەویش ئەکتەرییە ئەمە سەردەمی پسپۆرییە، یان ئەوەتا ببێ بە ئەکتەرێکی باش، هەموو تواناو رۆحیەتی خۆتـــی بۆ تەرخان بکەی لە بەرجەســـتەکردنی کارەکتەرێك لـــەکارە دراماییەکان یان تووشـــی گرفت و ســـەرنەکەوتن دەبێ لە بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری.

*** تۆ رۆڵی جوامیر ئاغات بینی لە فیلمی ژاڵە لەهەمان کاتـــدا هەندێك رۆڵی جیاوازترت بینی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە وەك نادری موهەندیس لە خۆرنەوەزان، چۆن توانیوتە خۆت بگونجێنی لەنێوان کورە ئاغایەك و پیاوێك کە هەموو هەوڵی ئەوەیە منداڵەکانی لە خوێندن و ئەم سەردەمەی ئێستا دانەبڕێن؟**

- لەســـاڵی 1985 کـــە بەشـــداریم کـــرد لە فیلمـــی ژاڵە و رۆڵی جوامێـــر ئاغام بینی بە ســـەرکەوتوویش بەپێی ئەو هەموو نووســـین و لێدوانانەی کە ئەو کات دەربارەی کرا، بە بەراورد لەگەڵ رۆڵی نادری موهەندیس کە خەمخۆری پێگەیاندنی رۆڵەکانی بوو زیاتر لە رۆڵەکانی تر هەموو ئەمانە بەمەبەســـتی ئەوەی کە بتوانێت جارێکی تر و سەر لەنوێ بە بەرگێکی تر ژیان بەرێتە سەر ئەم کارەکتەرانە بۆ ئەکتەری راستگۆ زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تووشی یەك شێواز نەبێ ئـــەو بەراوردەی یـــان ئەو توانایـــە دەگەرێتەوە بـــۆ ســـەرکەوتوویی و راســـتگۆیی ئەکتەر لەو کارەکتەرەی بۆی دەستنیشان دەکرێت.

من کە رۆڵی کورە ئاغایـــەك دەبینم خۆ دەبێت لـــە درامایەکی تردا رۆڵی ســـواڵکەرێك ببینم ئێمە کارەکتەری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەین ئەکتەری سەرکەوتوو ئەو ئەکتەرەیە کە بەردەوام لە گۆرانکاریدا بێ، ئەگـــەر هاتوو ئەکتەرێك بەردەوام بە یەك شێواز کاری نواندن ئەنجامبدات

# عەلی کەریم: پیری بە شێوەیەکی گشتی مەرگەساتە

***دانیشتن لەگەڵ پیاوێکی خۆشەویستی وەك عەلی کەریم، تاموچێژێکی تایبەتی هەبوو،پیاوێك کە بەقەد گەورەیی دنیا لە خۆیی و کارەکتەری خۆی رازیەو پێیوایە مرۆڤ دەبێت لەخۆیدا خۆیی ببینێتەوە. پیاوێك کە تا ئێستاش پیربوونی خۆی لە گەنجێتیدا دەبینێتەوە و بڕوای وایە قەت پیر نابێت. عەلی کەریم لەدایکبووی شاری کەرکوکی خۆشەویستەو لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول راگوێزراون و لە کەرکوك گوازراونەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی، هەر لەوێش دەستیکردووە بەکاری هونەری. لەکۆتایی حەفتاکانەوە لەزۆربەی گۆڤار و رۆژنامە عەرەبی و کوردییەکان نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە و خاوەنی چەندین کتێبی تایبەت بە بواری شانۆ و ئەزموونەکانی شانۆی کوردییە. خاوەنی دوو کچی جوانە بەناوەکانی تاڤ و ڤان و ئێستاش هەر لە سلێمانی ژیان بەسەر دەبات. گۆڤاری گوڵان لە شاری سلێمانی هونەرمەند عەلی کەریمی بەسەر کردەوە و ئەم دیمانەیەی لەگەڵیدا ساز کرد.***

***دیمانە/ ژینۆ عەلی***

تووشی شکست دەبێت لە کارەکەیدا.

*** زۆر لەو کارانەی تۆ رۆڵیان تێدا دەبینی رۆڵی پیاوێکی خاوەن بڕوانامە و خانەدانە، زۆر بە ئاسایی باس لە خواردنەوە و سەرخۆشی دەکات، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە گرفتی بۆ دروست نەکردی؟**

- هەندێك دیمەن هەیە لە درامادا پێویستی بە خواردنەوە و مەستی ئەکتەر هەیە،کارەکتەرێك ئارەزووی دزینی هەیە،یان ماڵ بڕین ئەو هەموو شێوازانەی ژیان شێواز گەلێکن لە هەموو نەتەوەیەك هەیە، نە یەکەم کەسم لە بەردەم کامێرامەی بخۆمەوە نە دوا کەسیش دەبم نە یەکەم کەسم لە ژیانمدا بخۆمەوە و نە دوا کەسیش دەبم. ئەمە بەشێکە لە پێویستییەکانی ژیان و بەشێکە لە رەوشت و نەریتەکانی ژیانی هەموو میللەتان و هەموو مرۆڤایەتی. جا هەست ناکەم لە زنجیرە درامایەکی 30 ئەڵقەیی ئەگەر لە دیمەنێکدا یان چەند دیمەنێکدا مەیم خواردبێتەوە بۆم بووبێتە مایەی کێشە یان گرفت لەلایەن خەڵکی دەوروبەرەوە یان لە سەر شۆستەو شەقامەکان ئەوەندەی کە من تێبینیم کردووە بەبەردەوام لەو کارانەی کە من کردوومن یان ئەو کارەکتەرانەی کە من بینیومن هەستم بەوە کردووە کە بینەر زیاد لە پێویست خۆشیان ویستووم. تا ئێستاش هەست بەو خۆشەویستییە دەکەم لەلایەن بینەرەکانمەوە.

*** بۆچی حەز دەکەی لە خانەوادەکەتان تەنیا تۆ دەربکەوی؟**

-ئەگەر ئەندامانی بنەماڵەکەم بیانەوێ ببن بە ئەکتەر حەقی خۆیانە، بەڵام ئەگەر بیانەوێ لاسایی من بکەنەوە یان کە من دەبینن کە جێی سەرنجی خەڵکم، دەیانەوێ وەك من بن. منیش حەزم کردووە کە تەنیا من دەرکەوم و هەبم.

لە ژیانمدا بڕوام بە پسپۆری هەیە، بە مافی خۆمی دەزانم تەنیا خۆم ببم بە ئەکتەر، چونکە لە هەموو تەمەنمدا جگە لە ئەکتەری و خوێندنەوەی نواندنی ئەکتەری لەهیچ بوارێکی تردا خۆم سەرقاڵ نەکردووە، بۆیە پێمخۆشە تەنیا خۆم بم.

*** تۆ هەمیشە هاوڕێی مێینەت هەیە، تۆ بڵێی هۆکاری ئەم هاوڕێیەتییە بەردەوامە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-ژیان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکهاتووە لە نێرینەو مێینە، هەموو بونەوەرەکانی خودا هەر لە ئاژەڵەوە تا ژیانی مرۆڤایەتی پێکهاتووە لە نێرینەو مێینە، وەك سرووشتی خۆم حەزم لە دانیشتن و هاوڕێیەتی رەگەزی مێینەیە، چونکە کەمتر کێشەت بۆ دروست دەکات وەك لە نێرینە، بە ئەزموونەوە دەیسەلمێنم ئەو هاوڕێیەتیەی لەگەڵ مێینەدا هەم بووە ئەگەر بۆ ساتە وەختێکیش کێشەیان بۆ دروست کردبێتم، ئەو کێشەی ئەوان یان ئەو جۆرە خەمەی ئەوان بۆیان دروست کردبێتم جۆرێك لە خۆشحاڵی تێدایە. بەڵام لەگەڵ پیاوەکان ئەگەر تووشی کێشەیەك یان گرفتێك هاتبم لەئەنجامی رکەبەرایەتیەك بووە نەك لەوەوە منیش بووم بۆ ئەوەی بەردەوام لە ناخەوە ئارام بم حەزم لە هاوڕێیەتی مێینەیە. سەد لەسەد عەشق بە مێینە دەبەستمەوە.

*** بیستوومانە زۆر گرنگی بە تەندروستی خۆت دەدەی و حەزیش لە ئۆتۆمبێل ناکەی بۆچی؟**

- ئەکتەر بۆ ئەوەی بتوانێت پێکهاتە شانۆییەکانی سەر شانۆ بە بەردەوام پڕبکاتەوە و بیخاتە جووڵەوە پێویستە زۆر ئاگای لە تەندروستی خۆی بێت، ئەکتەری شانۆیی پێویستی بە دەنگێکی زووڵاڵ هەیە. دەنگێکی خۆشی هەبێت گوێ بێزار نەکات جەستەیەکی جوانی هەبێت قەڵەو پڕ نەبێت جەستەیەك بێت بزێو بێت بەردەوام لە جووڵەدا بێت.

ئەمانە وایلێکردووم گرنگی بە تەندروستی خۆم بدەم، هەرچەندە ئێستا لەو گرنگی دانەم بە جەستەم کەم بۆتەوەو تەمەڵیم تێدا کردووە، من کە لەشارێکدا دەژیم دەتوانم ئەمسەر و ئەوسەری پێبکەم بەپێ پێویستیم بە ئۆتۆمبێل بۆچی بێ.

*** لەپیری ناترسی؟**

- پێموانیە کەسێك هەبێت لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا لەمردن نەترسێ یان لە قۆناغی پێش مردنیش کەپیرییە، پیری لە گەنجێتی ئەهوەنترە، چونکە هەندێك پیری هەیە لەبەرئەوەی بە بەردەوام بەرهەمت هەیە دەجوڵێیت و کاردەکەیت، شتت هەیە پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەی من ئەو جۆرە پیرییە بە پیری گەنجێتی دەدەمە قەڵەم، پیرییە لەناو گەنجێتی داو گەنجێتیە لەناو پیریدا، لەکۆتاییدا پیری بە شێوەیەکی گشتی مەرگەساتە.

*** کاری داهاتووت چییە؟**

کاریی تازەم بەشداری کردنمە لە زنجیرە درامای گەردەلوول. ئەڵبەت بەرهەمی تریش هەیە کە دەتوانم بەشداربم تێیدا، بەڵام قسەی لەبارەوە نەکراوە.



## فەرهاد

# ئەو هونەرمەندەی لە هەرسێ شاری

**کەسانێك هەن گوڵی جوانی تەمەنی خۆیان لەبوارێك لەبوارەکانی ژیان بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان دەبەنە سەر، ئەگەر لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیان هەڵوێستەیەك بکەن یاخود هەندێ لەبەرچاوان نەبن، بۆی هەیە جەماوەر زوو فەرامۆشیان بکات، ئەگەرچی لەکاتی خۆی سوارچاکیش بن، چونکە ئەوەی لەبەرچاوانە لەبەردڵانە. یەکێ لەوانە هونەرمەندی گەورە(فەرهاد شەریف)ـە، کە لەساڵی ١٩٤٦ز لەشارەکەی قەڵا و منارە لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەهەولێری خۆشەویست تەواوکردووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەکۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا لەبەشی دەرهێنانی شانۆیی لەساڵی ١٩٧١ وەرگرتووە، لەساڵانی ناوەڕاستی شەستەکان و دواتر وەك ئەکتەر بەشداری لەهەندێ کاری شانۆیی کردووە، سەربازی وەرزشی بەرزکردنەوەی قورسایی، لەساڵی (١٩٧١-١٩٧٣) لەئێزگەی کوردی بەغدا سەرۆکی بەشی نواندن و هەمەڕەنگ بووە، لەو ماوەیە زیاتر لەپەنجا چیرۆکی تەمسیلی وەك ئەکتەر و دەرهێنەر بەشداری کردووە، لەهەمان کاتدا لەگەڵ هونەرمەند(ناسر حەسەن) لەچەندین درامای TV لەگەڵ تیپەکانی هەولێر و سلێمانی بەشداری نواندنی کردووە، لەو ماوە دوورودرێژەی ژیانی هونەری لەچەندین تیپی هونەری شانۆیی ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لەهەرسێ شارەکەی کوردستان و لەوانە ئەندامی کارگێڕی و دستەی دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری تیپ و جێگری سەرۆکی لەوانە تیپی شانۆی سالار لە سلێمانی، تیپی هونەری نوێ لەهەولێر، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی-**

* ئاشکرایە لەدهۆك دامەزرای ئەی پاشان چۆن بوو چوویە سلێمانی؟

- دوای دەرچوونم لەکۆلیژی هونەرە جوانەکانی بەغداد ساڵی 1971 1972- یەکەمجار لەشاری دهۆك لەساڵی 1972 بەمامۆستای هونەری لەخانەی مامۆستایان دامەزرام، بۆ ماوەی سێ ساڵ و چەند مانگێك لەشارەکە مامەوە، لەو ماوەیەدا توانیم چەندەها هونەری شانۆ بەدی بهێنم، بۆ شارەکە و بۆ چالاکی قوتابخانەکانی دهۆك، بەشداری بکەین بەچەندەها بەرهەمی شانۆیی لەشارەکانی موسڵ و کەرکوك و بەغدا، چەندەها ئەنجامی زۆر باش بەدی بێنین، پاشان کاری پیشەیم گوازرایەوە بۆ شارەکەی دێرینم(هەولێر) بەمامۆستا لەقوتابخانەکان، کاری هونەریم بەردەوام بوو لەتیپەکانی هونەری لەشاری هەولێر تاکو ساڵی 1985 کە داوای گواستنەوە فەرمانبەریم کرد بۆ شاری سلێمانی لەسەر داواکاری پەیمانگە کە پێویستیان بەمامۆستای پسپۆری هونەری هەبوو، لەوێش سێ ساڵ مامەوە، بەشداریم لەچەندەها بەرهەمی هونەری شانۆ کرد و چەندەها بەرهەمیشم دەرهێنا، دوای ئەوەش بە یەکجاری گەڕامەوە شاری هەولێر و کارە هونەرییەکانم تاکو ئێستاش بەردەوامە.

*چۆن بەراوردێك لەنێوان شانۆی پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین دەکەی؟

- زۆربەی زۆری شانۆی پێش ڕاپەڕین: شانۆی میللی و نەتەوایەتی بوو، ڕووداوە مێژووییەکان و پاڵەوانەتی نەبەزایەتی کورد و لە ئێش و ئازار و ئەشکەنجە و هەست و نەستی بینەران و بابەتە کۆمەلایەتی دەدا، هونەرمەندان وەك پێشمەرگە کاری خۆیان ئەنجام دەدا بەبێ بەرامبەر پارە و پولی بینەران بەوحاڵەشەوە، هۆڵەکانی شانۆییان پڕ دەکرد، نمایش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام دەبوو، دەتوانم بڵێم ئەو ساکە شانۆگەری خەباتێك بوو دژی ڕژێم، بۆیە دەرهێنەرەکان یان ئەکتەرەکان چەندەها جار تووشی مەترسی و ئازار و تەنگوچەڵەمە دەبوون، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین کە ئازادی بەرقەراربوو، هونەرمەندان لەمەترسی دەرچوون، چەندەها تیپی نوێ پەیدابوو، ئیتر بەرهەمی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرا باش و خراپ، سەرەڕای کردنەوەی چەندەها کەناڵی تەلەفزیۆنی و سەتەلایت، لەپێشەکی باش بوو بەڵام سەبر سەبر دەستی کرد بەلاواز و بەرەو نەمان، پێویست ناکات لەهۆیەکان بدوێنم، چونکە هەمووما دەیزانین.

* چ بکرێت باشە تاکو ئاستی نمایشی شانۆیی بەرز بێ؟

-بەڕاستی ئێمە تاکو ئێستا هۆڵێکی شانۆگەریمان نییە کە هەموو مواسەفاتی شانۆیی و پێداویستەکانی تێدابێت بۆ نمایش کردن، تەنیا چەند هۆڵێکی نەگونجاو، جا ئومێدەوارین(بەلای کەم) بەدروستکردنی هۆڵێکی تایبەت بەشانۆ بەئامێرەکانی سەردەم، بەڵام بە ڕەچاوکردنی هەندێ خاڵ کە لێرە بە پێویستی دەزانم بیخەمەڕوو لەوانە:

- هۆڵەکان بۆ نمایشکردنی شانۆ بەبێ پارە بێت.



## شەریف:

# کوردستان خزمەتی شانۆی کوردی کردووە

**هەولێر- سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر- سەرۆکی تیپی شانۆی نوێکاری لەهەولێر، لەهەموو بوارەکانی دەرهێنان کاری کردووە و لەدەقەکانی خۆماڵی و بیانی و فیلم و زنجیرە دراما‌ییەکان بەنواندن و دەرهێنان.**

**تاکو ئێستا وەك دەرهێنەر لە(٢٤) شانۆی خۆماڵی و بیانی بەزمانی کوردی کاری کردووە، لەشەش(٦) شانۆگەری بەدەوری سەرەکی بەشداریکردووە، لە(١٠) دراماى تەلەفزیۆنی وەك ئەکتەر و دەرهێنەر کاری کردووە تاکو ئێستاش بەردەوامە دوایین کاری هونەری و درامی: درامای دۆڵچی بوو کە لەنووسینی هونەرمەند کەریم بایز بوو لەرەمەزانی ئەمساڵ خۆبەخشانە بۆ تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان دەرهێنا و کاری تێدا کرد، هونەرمەندی گەورە فەرهاد شەریف یەکەم بەڕێوەبەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بوو کە لەساڵی ١٩٩٢ دامەزرا، ئێستا جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی لەهەولێرە.**

**مامۆستا فەرهاد مرۆڤێکی روح سووکی خاکییە، خۆش و مەعشەر و تێکەڵاوە هەر زوو دەچێتە ناو دڵی بەرامبەری، رق و کینەی نییە هەموو کەسێك ئەوی بیناسێ خۆشیدەوێ، بەشدارییەکەی کاریگەری لەبزاڤی شانۆیی کوردستان کردووە بەتایبەت لەهەولێر لەپاڵ هونەرمەندان هاشم زینەل، لەتیف نەعمان، تەحسین شەعبان فرەمێر بۆیە بەچاکمان زانی چەند پرسیارێکی لێبکەین، بەڕێزی بەدڵێکی فراوان وەڵامی داینەوە:**

- هونەرمەندان پێویستە وەك جاران ئەو کارە هونەرییانە ئەنجام بدەن.
- موڵەت دان بەتیپە هونەرییەکان، نەك کۆکردنەوەیان لەیەك تیپ.
- لابردنی یارمەتی ماددی و سەرف کردنی و دەرماڵە، تەنیا یارمەتی بە پڕوپاگەندە بدرێ.
- تەلەفزیۆنەکانی خۆماڵی و سەتەلایت، بە لایەنی کەمەوە مانگی جارێك بەرهەمێکی هونەری شانۆ پێش کەش بکات لەپاڵ زنجیرە درامای تەلەفزیۆن.
- پێشکەشکردنی کاری هونەری رەسەن و هەڵبژاردنی دەقی شانۆیی پوخت و چاك کە خزمەتی میللەت و کۆمەڵایەتی و ئینسان دەکات هەروەها لەبواری کولتوور کەلەپور و مێژوو.
- کردنەوەی فیستڤاڵی ساڵانەی شانۆ، هەروەها رێزگرتن لەهونەرمەندان و دابەشکردنی خەڵات و بڕوانامە بەسەریان.
- بەشدار بوون لەفیستیڤاڵە شانۆییەکانی جیهانی لەدەرەوەی وڵات.

* جەنابت رۆڵی ئەکتەرێکی لێهاتووت بینیوە بەتایبەتی لەسەر تەختەی شانۆ کامیانت پێ خۆشترە نواندن یاخود دەرهێنان؟

- هەردووکیان، هەریەکەیان چێژ و تامێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام پسپۆری کاری دەرهێنانم و زۆربەی کارە هونەرییەکانم دەرهێنانی شانۆگەریی بووە، بەشدارم لەچەندەها شانۆگەری وەك ئەکتەری سەرەکی کردووە.

* هەندێك دەڵێن هونەرمەند فەرهاد شەریف لەکاتی خۆی بەخششی هونەری زۆر بوو لەبواری نواندن و دەرهێنان، ئەی ئێستا بۆ بێ دەنگە؟

* هەمووومان گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەی شانۆ و شانۆکاران دەزانین و ئاگاداری قەیرانەکەین، چەندەها جار کۆڕ و سیمینار و کۆبوونەوە بۆ ئەم مەبەستە کراوە، و چارەسەریشی دیارە..! کەمبوونی بەخششی هونەری تەنیا من ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو هونەرمەندانی شانۆ بەرپرسیارن.

دەپرسم کوا گەنجانی دەرچووی پەیمانگە و کۆلێژی هونەری لەکوێن؟ با ئەوانیش کار بکەن و نەختێك ماندو ببن.

* جەنابت لەدامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر و یەکەم بەڕێوەبەر بووی، رۆلی ئەم پەیمانگەیە بۆ بەرهەمهێنانی کادیری هونەری چۆن دەبینی؟

- پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر یەکێك بوو لەهەرە خواست و ئاواتەکانی خەڵکی شارەکە، چونکە زۆربەی قوتابیانی بەهەرەدار لەبواری هونەری بێبەش و بێ داڵدە بوون تاکو کرایەوە، ئومێدەواربووین ببێتە پاڵپشتێکی گەورە و چرایەکی رووناك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەر و رۆشن لەشارەکە. تاکو ئێستا پازدە وەجبە دەرچووی هەیە، کوا ئەو هونەرمەندان لەکوێن..؟! تەنیا چەند کەسێك نەبێت، ئەوانیش بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. وا دیارە کە تەنیا دەزگایەکی پەروەردەییە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا، دوای دەرچوون لەدێهاتەکانی زۆر دوور دادەمەزرێن و پاش چەند ساڵێك هونەرەکەش لەبیر دەکەن.



# گۆشتی گاگا نەخۆشی پەیدا دەکات

ڕۆژنامەی هارتفۆرد ئەنتی ئەمریکی کچە گۆرانیبێژ لیدی گاگای ئاگادار کردۆتەوە لە دووبارە پۆشینی ئەو جلوبەرگانەی لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (m.tv) و جەژنەکانی هالۆین، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی تووش بوونی بە نەخۆشی. گاگا لەم ئاهەنگانەدا کراسێکی پۆشی بوو کە بە گۆشت نەخشێنرا بوو، بەپێی ڕۆژنامەی ناوبراو پۆشینی گۆشت وەك جلوبەرگ ڕەنگە ببێتە هۆی تووشبوونی بە هەوکردن بەهۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای لەش لەگەڵ ئازار لە ماسولکەکان و سکچوون و نەخۆشی دەزنتریا، ئەم ئاگادار کردنەوەیەش لە کاتێکدایە کە چاوەڕوان دەکرێت گاگا ئەمە دووبارە بکاتەوە و دواتر ببێتە مۆدەیەك لەنێو گەنجان و هەوادارنی.



## ئەنجێلینا لە نواندنەوە بۆ دەرهێنان بەڵام..



ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکی "ئەنجێلینا جولی" دوای ئەوەی بڕیاریدا لەبواری دەرهێنانی فیلمیشدا جێ دەستی هەبێت، نمایشەکانی یەکەم کاری سینەمایی لەدەرهێنانی خۆی لە هەردوو پایتەختی هەنگاریا و بۆسنە دەگرێت. بەڵام ئەوەی بووە بێزارکەر بۆ جولی ئەوەیە کە لە لەشوێنی وێنەگرتنەکان بڕێك پارەی لێ دەدزرێت. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەو پارانەی لە جۆلی دزراون دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە پاسەوانێکی تایبەتی بەرهەمەکە بردویەتی.




# Top 5 Movie actor

باشترین ئەکتەری هەڵبژێردراوی جەماوەر لە مانگی ڕابردوو



# بۆچی فلمێن هندی سەرنجا کوردان رادکێشن؟!

**وەکو دیار دناڤ جڤاکێ مە دا حەزکرنەکا تایبەت بۆ فلمێن هندی هەیە، و ئەڤ چەندە ژی باش دهێتە پێش ل دەمێ ژمارەکا مەزن یا فلمێن هندی بۆ سەر زمانێ کوردی هاتینە وەرگێران و خەلکێ مە ژی ب سینگەکێ بەرفرەه پێشوازی لێ کری، هەر وەکو گەلەك ب دلێ وان بوون، واتە ل ڤێرە ئەو پرسیار هاتە پێش کو بۆچی خەلکێ مە گەلەك حەژ فلمێن هندی دکەن؟!**

**دیمەن ئەو کچا 17 سالی و قوتابییا قوناغا سیێ ئامادەیی گەلەك حەژ فلمێن هندی دکەت و هەردەمێ فلمەکێ هندی هاتە دوبلاژکرن، ئەو ئێکەم کەسە ڤی فلمی دکریت. دیمەن دبێژیت:** بێ گومان فلمێن هندی رۆلێ خۆ دیتیە دناڤ جڤاکێ مەدا نەخاسم پشتی هاتینە دوبلاژکرن بۆ سەر زمانێ کوردی ئەڤە ژی ژبەر چەند ئەگەرەکا ئەوژی پتریا فلمێن هندی نێزیکی داب و نەریتێن مەنە دیسا پتریا بابەتێن فلمێن هندی ل سەر ئەڤینیێ نە و دکارتێکەرن ژبەر وێ چەندێ ب دیتنا من کارتێکرنا خۆ لسەر کچ ولاوێن کورد دکەت.

دیمەنێ ئەڤ چەندە ژی ب مخابنیڤە ل قەلەم دا.

**ب دیتنا ئۆمێد محەمەد تاهر کو مامۆستایێ ئینگلیزیێ یە و جارەکا دی ل کولیژا دهۆك یا زانکۆ دخوینیت دا کو ببیتە پارێزەر گەلەك یا ژ دیتنا دیمەنێ دوور نەبوویە ل دەمێ گۆتی:** حەز ژێکرنا کوردان بۆ فلمێن هندی بۆ لێك نێزیك بوونا کەلتۆرێن وان دزڤریت و رەنگە فلمێن هندی ل سەر رویدانەکێ بیت کو ئەڤ روودانە گەلەك جاران ل ناڤ کۆمەلگەهێ مە دا دهێنە رویدان. ئۆمێدی ئەو ژی گۆت کو فلمێن هندی هەردو لایان یێ ئەڤینیێ و شەری ژی ب خۆ ڤە دگریت لەوما حەزژێکەرێن هەردو لایان دکێشیتە خۆ.

هیڤی کچەکا 25 سالی بوویە و ئاکنجی یا تاخێ گرێ باسێ بوویە، ب دیتنا وێ بۆ پرسا مە ئەو بوویە کو پتریا گەنجێن مە د کەڤنە تۆرا ئەڤینیێ، لەوما حەز دکەن تەماشەیی فلمێن هندی بکەن، ژ بەر کو پتریا فلمێن هندی بەحسی ئەڤینیێ دکەن و ئەڤینیا وان ژی نێزیکی جڤاکێ مەیە.

ئاسیا ئەو کچا فەرمانبەر و تەمەنێ 45 سالییێ دا ب هیچ رەنگەکی دگەل پرسا مە نە بوویە، بەلکو ئەو حەژ فلمێن هندی ناکەت و چ جارا بەرێ خۆ نادەتێ و هۆسا هزر دکەت فلمێن هندی هەموو درەون و چ خۆشیەك تێدا نینە و داخوازێ ژ خەلکی دکەت کو ل دەڤ وێ بەحسێ فلمێن هندی نەکەن.

نۆژدار تەیب قوتابیێ کولیژا یاسا و رامیاری ژی دگەل وی چەندێ بوویە کو هزرا فلمێ هندی گەلەك نێزیکی هزرێن کوردانە و وەکو ئەو دبینیت کورد و هندی ژ ئێك کانیك دەرکەڤتینە کو هەردو گەلێن ئاری نە و ئەڤ چەندە ژی بوویە ئەگەر کو لێکنێزیکبوونەك دگەلەك تشتێن مە و هندیان دا هەبیت. هەڤالەکا نۆژداری ب ناڤێ هەلز بەردەوامیێ ب گۆتنێن نۆژداری ددەت و دبێژت: گەلەك پەیڤێن هندی ژی وەکو (ژمارێن وان، ئێك ودو وسێ) وگەلەك پەیڤێن دی وەکو دادێ نێزیکی پەیڤێن کوردینە وئەڤ چەندە ژی رەسەناتیا هەردوو نەتەوان ژئێك گەل کو ئاری نە دوپات دکەت وبۆمە دیاردکەت کو هزرێن مە گەلەك نێزیکی ئێکن لەوما ئەم کورد گەلەك حەژ فلمێن هندی دکەین. هەلزێ ئەو ژی نە ڤەشارت کو ئەمیتاب ئێك ژ زارڤەکەرێن بەرنیاسێن هندیانە لێ ئەمیتابی د دیدارەکێ دا دیارکربوو کو ئەو گەلەك حەژ کوردان دکەت ودیرۆکا کوردی خواندیە وزۆر پێ کاریگەرە، لەوما هەلز دبینیت چەوا مە پێزانین لسەر وان هەنە هۆسا وان ژی پێزانین لسەر مە هەنە. کاوە خالد وەکو کومەلناس هۆسا دبینیت کو تنێ ئەو کەسێن رەوشەنبیریا وان یا کێم بیت حەژ فلمێن هندی دکەین و چ مفا د فلمێن هندی دا نابینن، بەلکو هەمی درەون، و زێدەتر کاوەی گۆت: ئەڤ دوبلاژا دهێتە کرن ژی نە یا د جهێ خۆ دایە و کارتێکرنێن خراپ ل سەر جڤاکێ مە هەنە، نەخاسم ئەو پەیڤێن حەزژێکرنێ ئەوێن دهێنە کرن گەلەك کارتێکرنێ ل سەر گەنج و زارۆکا دکەن.

**ژیان عەلی سالح گەلەك حەژ فلمێن هندی دکەت هەر چەندە دبێژیت گەلەك درەوێن پێشچاڤ د ناڤ دا هەنە، لێ هەر حەز ژێ دکەت ب تایبەت یێن ئەڤینیێ و دایك و بابا و ژیان دبێژیت:** هەر دەمێ ئەز بەرێ خۆ بدەمە فلمەکێ هندی ئەز د کەمە گری و گەلەك کارتێکرنێ ل سەر هەستێن من دکەن، چونکو ناڤەرۆکا وان گەلەك یا کاریگەرە، و دیمەن و سترانێن ڤان جۆرە فلمان گەلەك د سرنجراکێشن د گەل وێ چەندێ ژی کچ وکۆرێن وان گەلەك د شرین و جوانن و دئەسمەرن، لەوما کچ ژی گەلەك حەژ کۆرێن ئەسمەر دکەن.



**دهۆك:**
**دلشاد عەبدولرەحمان**

# یەک کاتژمێر سەرسام بوون!

**لەپاریسەوە: سکرتێری نووسین**

((میلێن)) خانمە ئەکتەرێکی ناوداری جیهانیە، کاتێك دیمانەم لەگەڵ (هونەرسەلیم) دەسازاند بەڕێزی پێمی وت ئەکتەری ناوبراو لە فیلمێکی کوردی ـ فەرەنسی ڕۆڵی کارەکتەرێکی پێدراوە، وادیارە رۆڵەکە لەگەڵ سایکۆلۆژیاو چرکەساتەکانی ژیانی ویدا گونجاوە شەوەکەی کاتژمێر نۆو چواردە دەقیقە، من و هونەر لەو ئەسانسێرەدا بووین کە سەردەکەوت بۆ لای میلێن، کە گەیشتینە بەر دەرگا بە ساج دروست کراوەکەی ماڵیان لەسەر دەرگاکە نووسرابوو (( بە پێکەنین وەرە ژوورەوە رەنگە وێنەت بگیرێت ..)) ماڵێك پڕی لە مۆم و تابلۆو مووروو کتێب و سەرو بنی دیوارەکانی دار گوێزو بۆنی بوغوردو ساج بوو، سەرجەم کتێب و کتێبخانەی شەخسی (جۆرج سیمینۆن)ی تێدا پارێزراو بوو، هەندێ لە تەختەو دارەکان مێژوویان بۆ دووسەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر دەگەڕایەوە، کەچی تۆزقاڵێك چییە نەڕووشابوون و تۆزێکیان لێنەنیشتبوو، میلێن بەدەم دروست کردنی شەرابێکی کۆنی پاریسیانەوە باسی لە حیکمەتی پاراستنی کەلوپەلی دانسقەی بۆ دەکردین هەموو ئەلبوم و دۆسیەو ژیاننامەو دیدار و هەواڵی فیلمەکانی لە ناو دۆسیەکانی کونجی کتێبخانەیەکدا هەڵگرتبوو، تابلۆیەکی بە گرافیك دروستکراوی (بیکاسۆ ) کە نوسخە ئۆرژیناڵەکەی بوو، بە ژوورسەرمانەوە هەڵواسرابوو،وادیارە پێشکەشی ئەم خانمە ئەکتەرە کرابوو، لەم ماڵەی میلێندا بۆم دەرکەوت کە ژیانی ئاسایی رۆژانە و کاری هونەری یەك تەنن، بەر لەوەی بێینە لای وی بە تەنیشت ئەو شوقەیەدا تێپەڕیم کە (دالیدا)ی گۆرانیبێژ تێیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو، دالیدا بە لوتکەی نائومێدی گەیشت، بەڵام میلێن حەفتاو پێنج ساڵی تێپەڕاندووەو خەندەکانی سفت و سافن وهەر بە ئومێدەوە لە ژیان دەڕوانێت، گەرچی بایکۆتی خستنەوەی مناڵیشی کردووە، کەچی فیلمەکانی ئەو منداڵە شیرینانەی خۆیین کە دەیلاوانن‌ەوە، نامۆترین شتێك لە گەشتەکەی پاریسمدا دیتبم لەم ماڵەدابوو، کە لەوانەیە بەلای میلێنەوە ئاساییترین شتێك بێت، چونکە ئەو نغرۆی ناو کارە جدییە هونەرییەکانی خۆیەتی و هەموو









# له ناو ماڵی خاتوو میلێن-ەوە ...

شتێكی ناوازەو جوانی خۆی له بینەرانی نەشاردۆتەوەو له ماڵەكەشیدا شتی شاراوەی نەبوو، بۆ نیو دەقیقه چوومه توالێت، پڕی له تابلۆی نیگارسازانی جیهانی بوو، پڕی له شووشه عەتری پاریسیانەی گرانبەها بوو، دیزاینی توالێتەكه ئەبستراكتێكی سەرنج راكێش بوو، نامۆبوونەكەم ئەو كاته دەستی پێكرد كه دەبینم قاڵبه زێڕێكی گەورەو قورس له پاڵ سابوونه گچكەكاندا دانرابوو، لەسەر زێڕەكه نووسینێك هەڵكۆڵرابوو (( بۆ ئەو كەسەی به باشترین شێوه خزمەت دەگەیەنێت به مرۆڤایەتی . له نەتەوه یەكگرتووەكانەوه پێشكەشه )) پاراستنی خەڵاتێكی جیهانی وا دانسقه له توالێتدا جێی سەرسامبوونه..!!

ئەم دیمەنه رێكاو رێك لەوێدا وتەیەكی نووسەری پیرۆیی ((فارگاس یوسا)) ی خستەوه یادم كه وتوویەتی ((هەموو دنیا بارەشێكی پاشەڕۆ بارینه، تەنیا له ژێر بنهەنگڵی هونەرا نەبێت، شتێكی تر نییه داڵدەی مرۆڤ بدات )) بێئەوەی له هۆكاری دانانی ئەو قاڵبه زێڕەی ناو توالێت له میلێن بپرسم به خەندەیەكەوه له بەرانبەر بەرێزیان دانیشتمەوه و مۆڵەتم لێ خواست تەنیا نیو كاتژمێر وێنەی ڤیدیۆیی خۆیی و ماڵەكەی تۆماربكەم، به ناو بیر و را و فكریدا رۆ نەچووم، تەنیا له دیكۆر و ئەلبوم و وێنەكانیدا له ناخی تێگەیشتم، ئینجا دواتر هەر خۆی چەند وێنەیەكی سالآنی پەنجاكانی پێبەخشیم، بریتی بوون له چەندین گرتەی سینەمایی كه بەكامێرای وێنەگری بەناوبانگ (هنری كۆست) وێنەگیرابوون، پێم خۆش بوو ئەم وێنه رەش و سپیانه وەك خۆی له( گۆڤاری گوڵان ) بڵاوبێتەوه تا به دیتنێكی خێرای فۆتۆكانەوه خوێنەران بیر لەو كوالێت و ستاتیكا سۆفت و بەرائەته هونەرییه بكەنەوه كه ئەم ئەكتەره هەیبووه و ئێستاش جێی شانازییه كه لای دەرهێنەرێكی كورد و له فیلمێكدا رۆڵی پێ سپێردراوه و به هەمان هەستی جوانی هونەرییانەی تافی لاوێتییەوه خەریكی نواندنه، كاتژمێر دەو سێزده دەقیقەی هەمان شەو پشیلەكانی خاتوو میلێن كه هونەرسەلیم یەكێكیانی ناو لێنابوو (عەبەخڕه) بەرەو دەرگای دەرەوه پێشمان كەوتن و شەو شادیمان له خاتوومیلێن كردو تا گەیشتمەوه بەر دەرگای هۆتێل له سەرسامیمدا وامدەزانی هێشتا له ماڵی میلێندا فكرو خەیاڵم بەجێماوه. .!!







www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكه :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com